# له هەموو سەردەمێکدا هەر نائارامیی و بێ ئاساییشی و ڕەشەکوژیی و ستەمکار بەرپا بووبێت ، (تاغووتان)ی ناو کۆمەڵگاکان بوونەتە هۆی بەرپابوونی !

**کامیل حاجی عەلی**

کاتێ پەروەردگار مرۆڤی دروستکردو لەسەر زەوی نیشتەجێی کرد ویستی خوا وابوو کە مرۆڤەکان خۆیان زەوی ئاوەدان بکەنەوە (هوالذی أنشأكم من الأرض واستعمركم فيها) لە هەمانکاتدا بۆ هەموو گەل و نەتەوەیەک لەسەردەمی خۆیان پەیام و بەرنامەی بۆ ناردوون بەشێوازێک کە گونجاو بێت لەگەڵ سەردەمی مرۆڤەکاندا ، وەک لە قورئانی پیرۆزدا بەیانی کردووە (وَإِنْ مِنْ أُمَّةٍ إِلاَّ خلاَ فِيهَا نَذِيرٌ) بەڵام (لِكُلّ جَعَلْنَا مِنْكُمْ شِرْعَةً وَمِنْهَاجًا) گەیاندنی پەیامی خوایی بەهۆی نێردراوی پەروەردگارەوە گەیانراوە بە پەیامبەران کە هەڵبژێردراوی ناو کۆمەڵگاکان بوون لەلایەن پەروەردگارەوە ، ئەو پەیامبەرانەش بێ کەم و زیاد پەیامەکەیان گەیاندووە بەگەل و ئوممەتەکەیان و بەیانی حەقیان کردووەو (حەڵاڵ و حەرام و (حەق و باتڵ)یان بۆ جیاکردونەتەوەو بۆیانی دەست نیشان کردوون ، هەر ئەو پەیامە خواییە بووە هۆی ئەوەی مرۆڤەکان ڕێنمایی بکرێن و لەو سەرچاوەیەوە مرۆڤەکان چاویان کراوەتەوەو فێری زانست و زانیاری بوون و بەرژەوەندی مرۆڤەکان لەچیدا بەدیدەکرێت روونکراوەتەوە ، بەڵێ خوای بالا دەست مرۆڤی بە خۆرایی دروست نەکردووە (أَفَحَسِبْتُمْ أَنَّمَا خَلَقْنَاكُمْ عَبَثًا وَأَنَّكُمْ إِلَيْنَا لاَ تُرْجَعُونَ) داوای کردووە بەندایەتی بکەن و تەنها خوای تاک و تەنها بپەرستن و خۆتان دوور بگرن لە تاغووت و یاریدەدەرو سەربازەکانی (وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَسُولاً أَنْ اُعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ) دینی خوا لە زەویی و لە ئاسماندا هەریەک دینەو بۆگشت گەلان وا هاتووە کە خواپەرست و خواناس بن و شوێنکەوتەی پێغەمبەرەکەتان بکەن ، وە هەرکەس و گەل و نەتەوەیەک شوێنکەوتەی پێغەمبەری سەردەمی خۆی نەبووبێت گومراو سەرلێشێواو بووە ، هەروەک چۆن هەرکەس شوێنکەوتەی کۆتا پەیامی خوایی و پێغەمبەرەکەی نەبێت کە (محمد کوری عبداللە – η) و (قرآن مجيد)ـە لای پەروەردگار وەرناگیرێت ، وەک دەفەرموێ : (وَمَنْ يَبْتَغِ غَيْرَ الإِسْلاَمِ دِينًا فَلَنْ يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الآخِرَةِ مِنْ الْخَاسِرِينَ) ( إن الدين عندالله الإسلام) بۆیە گەر خواناس بیت ئەمە فەرموودەی پەروەردگارەو ڕەت بوونەوەی نییە ، هەروەک لە قورئاندا ئاماژەی پێکراوەو دەفەرموێت : (قُلْ إِنْ كُنْتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمْ اللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ) وە لە شوێنێکی دیکەدا تەئکید دەکاتەوە : (مَنْ يُطِعْ الرَّسُولَ فَقَدْ أَطَاعَ اللَّهَ..) بەڵێ وەک لە تەفسیردا باس کراوە تا پێش سەردەمی نوح مرۆڤەکان یەک ئوممەتی خواپەرست بوون تا لە نزیک سەردەمی (نوح) پێغەمبەر عليه السلام دوای ئەوە مرۆڤەکان بەش بەش بوون و گوێرایەڵی پەیامبەرانیان نەکردووەو لە شارێگەی ئەوان لایانداوە ، وە لە قورئانیشدا ئاماژەی پێکراوە (كَانَ النَّاسُ أُمَّةً وَاحِدَةً فَبَعَثَ اللَّهُ النَّبِيِّينَ مُبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ وَأَنزَلَ مَعَهُمْ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ لِيَحْكُمَ بَيْنَ النَّاسِ فِيمَا اخْتَلَفُوا فِيهِ..) بەڵێ پەیامی پەروەردگارو کیتابی خوای تاک و تەنها دەستووری هەمیشەیی بووە ، هەروەک چۆن ئێستا کیتابی خوای بالا دەست کە (قورئان)ـە دەستوورێکی هەمیشەیی و نەگۆڕو (سابتە) بۆ ژیانی مرۆڤایەتیی ، جا لێرەوە بە پەیرەوی ئەم دەستوورە ژیانی بەختەوەریی دەست پێدەکات و ، هەرکەس لەگەڵ ئەو دەستوورو بەرنامە قورئانییە بێت و بە بەردەوامی لەسەری بمێنێت ئەوە لایەنی هەقی گرتووەو ، هەقیش تاک وتەنهایەو دوای هەق باتڵە (فماذا بعد الحق إلا الضلال) هەرکەسێکیش لەو دەستوورو یاساو قاعیدە قورئانییە لابدات و شوێن یاساو دەستووری غەیری خوایی بکەوێت ئەوە پەیرەوی لە باتڵ کردووە ئەگەرچی زۆرینەی زۆری مرۆڤایەتیش پەیرەوی بکەن (وإن تطع أكثر من فى الأرض يضلوك عن سبيل الله إن يتبعون إلا الظن و ان هم إلا يخرصون) هەر ئەوە بوو تاغووتێکی وەکو فیرعەون کە خۆی بە خوای سەرزەمینی میسر دەزانی کەس بە پێچەوانەی فەرمانی کاری نەدەکرد ، بەرهەڵستکارو ئۆپۆزسیۆنی نەبوو ، بۆیە میللەت هەموو زەلیل و ژێر دەستەی بوو ، تا ئەوەبوو ئەمری کرد بە کوشتنی هەر منداڵێک کە لە بەنی ئیسرائیل لەدایک دەبێ ، بەڵام ویستی خوا لەکوێ و خەیاڵی ستەمکاران لەکوێ ، خوای گەورە (موسی)ی هێنایە دنیاوە لە نەوەی بەنی ئیسرائیلداو لەناو ماڵی فیرعەوندا گەورەی کرد ، تا کار گەیشتە ئەوەی کە بە ئەمری خوا ئیعلانی ئازادیی خوایی ڕاگەیاند بۆ تاکەکان و ڕووبەڕووی ئەو ستەمکارە بوویەوە ، وە بەرگری بێ وێنەی زەمانی خۆی کرد دژ بە

رەفتارەکانی فیرعەون و هەستایە سەر پێ و داوای ئازادی کرد بۆ گشت مرۆڤەکان و ، رایگەیاند: نابێت مرۆڤ بە ژێر دەستەیی بژیی و بەندایەتیی بکات بۆکەسێک کە وەک خۆی وابێت ، بەڵکو بەندایەتی کردن تەنها بۆ خوای (رەحمان و رەحیم)ە ، بەڵێ فیرعەون کە زانی (موسا) لە هەرەشەکانی ناترسێت و تێگەیشت کە (موسا) کەسێک نییە واز لەو بەرنامەیە بێنێ کە بۆی هەستاوە ، بۆیە ترسی لێ نیشت کە دەسەڵاتەکەی لێ بسێنرێت بۆ هەتاهەتایی هەربۆیە وتی: وەک قورئانی پیرۆز دەیگێڕێتەوە : (و قال فرعون ذرونی أقتل موسی و لیدع ربە) ئێ بابە بۆ دەیکوژی دەڵێت : (... إنی أخاف أن یبدل دینکم أو ان یظهر فی الأرض فسادا) پەکو لەو کەسەی فیرعەون پێی بڵێ کافر !! لەم ئایەتە پیرۆزەدا بۆمان دەردەکەوێت : هەرکەسێک خۆی بەحاکم بزانێت و بەرنامەو بۆچوونی خۆی بەباشتر بزانێت لە شەرع و بەرنامەی (الله) ئەوە لە دەسەڵات و سوڵتەی خۆی دەترسێ و هەرگیز قبوڵی نییە جگە لەبۆچوون و هەوەسکاری خۆی ، بەرامبەرەکەی ببێت ، هەربۆیە لە هەموو سەردەمەکانداو بەم سەردەمەشەوە تاغووتانی سەردەم دژایەتی کردنیان بەردەوام بووە بەرامبەر بە پەیامبەرانی خواو ئەوانەی شوێنکەوتەی ئەوان بوون ، چونکە لە بەرژەوەندیان نەبووە خەڵک ئازاد بێت و بە سەربەستی ژیان بەسەر بەرن ، بۆیە دەیانەوێ هەمووکاتێک خەزێنەی وڵات لەژێر دەستیاندا بێت و حاکمی موتڵەق هەرخۆیان بن و بە ئارەزووی خۆیان بریار دەدەن و دەڵێن: ئەوەی هی قەیسەرە بۆ قەیسەرو ، ئەوەی هی خوایە بۆخوا ، ئەو خوایەی کە ئەوان بەشی بۆ دادەنێن ! لە (قورئان)ی پیرۆزدا بۆمان بەیان کراوەو دەفەرموێ: (فقالوا هذا لله بزعمهم و هذا لشرکائنا فما کان لشرکائهم فلا یصل الی الله وما کان لله فهو یصل إلی شرکائهم ساء ما یحکمون) لەهەر حاڵەتێکدابێت بەشەکەی خۆیان تەواو بوو و بەشی خواکەی خۆیان دەخۆن ، بەڵام بەپێچەوانەوە وەک ئایەتەکە دەفەرموێ نابێت ، چونکە بریارەکەیان وا داوە ، بەڵام خوای تاک و تەنها وەڵامیان دەداتەوە بە بەدترین حوکم و دادوەریی ناوی دەبات (ساء ما یحکمون ..) تاغووتەکان بەوەش نەوەستاونەتەوە هەرکارێکی ناپەسەند و فاحیشەیان کردبێت وتویانە لە باوو باپیرانمان بۆمان ماوەتەوەو خوا ئەمری پێکردوین ، وەک قورئان بۆمان دەگێڕێتەوە: (و إذا فعلوا فاحشة قالوا وجدنا علیها آباءنا والله أمرنا بها قل إن الله لا یأمر بالفحشاء أتقولون علی الله ما لا تعلمون) پەروەردگار بەدرۆیان دەخاتەوە ، هەرگیز خوا ئەمر ناکات کەکاری خراپەو فاحیشەو ناعەدالەتی ئەنجام بدەن ، چۆن درۆ بە دەم خواوە دەکەن کە نازانن و ئاگاداری نین ؟! لەم سەردەمەشدا زلهێزانی دنیا بەناوی ئایین و باپیرانیانەوە خۆیان کردووە بە حاکمی جیهان و وڵاتانیان دابەشکردووەو بەرووبوومی سەرزەوی بۆخۆیان زەوتکردووە ، تەنانەت گەربەشی یەکێکیان کەم بێت ئەوا (ڤیتۆ) دژی بەرامبەرەکەی بەکاردەهێنێت ، هەرئەوەشە کە جەماوەری زەحمەت کێشی دنیا هەردەم هاوار دەکات: ئێوەن ستەمکار بەدرەفتار ، وازمان لێ بێنن و ئازادیمان بدەنەوە ، بەڵام ئەوان هەر دەڵێن و دەڵێنەوە بۆمان ماوەتەوەو ئەوان پێیان گوتوین: دەبێت کارەکانتان ئاوەها ئەنجام بدەن و خواش ئەمری بەوە پێکردووین ، وە لە دنیای ئەمرۆی سیاسەتیشدا وا دەخوازێت کە درۆ بە دەم خواوە بکەن کە ئەوان وەکیلی خوان و دەبێت حاکمی موتڵەقی سەر زەوی بن و مەسیحی سیاسیی و یەهوودی سیاسیی حوکمی جیهان بکەن ، حیزبێکیان پێکهێناوە بەناو (سەهیۆنی مەسیحی) کە ئەمرۆ ئەمریکاو ئیسرائیل بەرێوەی دەبەن و ، لەم زەمەنەدا بۆش سەرۆکایەتی دەکات ، سەیرو سەمەرە لەوەدایە ئەوەی ئەمرۆ بۆش دەیکات بە دینی دەزانێت و پێی وایە لەلایەن خواوە ئیلهامی بۆ هاتووە کە حاکمی سەر زەوی بێت و هەرکەس لەو بەرەیەی ئەو دەرچوو لە ئینسانیەت لای داوە ! کاتی خۆشی هیتلەر هەر هەمان سیاسەتی چەوتی هەبوو دەیگوت (ألمانيا فوق الجميع) واتە هەموو دنیا دەبێت ئەو حاکمی بێت و گەلی ئەڵمانیش لە هەموو گەلانی تر رێزدارترو پایەدارتر بێت ، هەربۆیە زەمەن چارەسەریکردن وە إن شاءالله ئەمانیش دەبینین کە سەر شۆری عەدالەت و دادپەروەری دەبن و سیاسەتی تاکڕەویی و دیکتاتۆریی و شۆڤێنیی بنەبڕ دەکرێت ، مێژوویش شاهیدی ئەوەیە کە بەرەی ئازادیخوازان هەردەم شوێنکەوتەی پەیامبەرانی خوا سەرکردەو پێشەنگی ئەو بەرەیە بوون و ئەمرۆش لە هەموو جیهاندا کۆمەڵانێک هەن پابەندبن بە بەرنامەی خواوەو لە خزمەتی چەوساواندان و بە بەردەوامی بەرەنگاری تاغووتان و یاریدەدەرانی تاغووتان دەکەن بۆرزگارکردنی مرۆڤەکان لە تۆقاندن و هەرەشەو ترساندن و کوشتن و کوشتاری بەکۆمەڵ بەهۆی چەکە

دروستکراوەکانیان کە دژ بە بەشەرییەت بنیات نراوە نەک لەپێناوی ئاشتیی و ئاشتەوایی میللەتان لە جیهاندا ، ئەمرۆ زیاتر دەرکەون بۆ خەڵکانی رۆشنبیرو بە ویژدان کە چەواشەکاریی کۆمەڵگا لەرووی راگەیاندنەکانەوە کۆتایی پێهاتووەو خەڵک هۆشیار بووەتەوە کە رۆژی ئەوە هاتووە مرۆڤەکان ئازادی زەوتکراوی خۆیان وەربگرنەوە ، چونکە مرۆڤ کە لەدایک دەبێت ئازادەو ئازادیش بەخششی خواییەو موڵکی هەموو مرۆڤێکە ، خوا مرۆڤەکانی دروستکردووەو لەسەر زەوی نیشتەجێی کردوون کە بژین بەئازادانە ، نەک وەک ئەمرۆ کە زلهێزان ئازادییان زەوتکردووەو دەڵێن ئێمە ئازادی دەبەخشین ! لەراستیدا ئەو بەخشینە تەنها لایەق بەخواییەو لە سیفاتی پەروەردگارە ، خوا رەحمانە بۆ گشت مرۆڤەکان وەک یەک ، هەروەها ڕەزاقە بۆ هەموان بێ جیاوازیی ، ئەمانە تەنها سیفاتی پەروەردگارن و ، لە مرۆڤەکاندا ئەم سیفەتانە نیین ، هەر ئەو هۆیەشە کە سیستمی (عەولەمە) لە جیهاندا بە بیری تەسکی مرۆڤەکان جێبەجێ ناکرێت ، بەڵکو بە جێبەجێکردنی بەرنامەی خالق دەبێت بۆ دروست کراوی خۆی ، بەڵێ هەروایە بۆیە ئاگاداری کۆتا هەڵبژێراوی ناو مرۆڤەکان دەکاتەوەو پێی دەفەرموێت: ((و ما أرسلناك إلا رحمة للعالمين)) جا بەختەوەری بۆئەوانەی بەراستی شوێنی بەرنامەو شەریعەتی پەروەردگار کەوتوون و هەرگیز سازش ناکەن لە مەسئەلەیەکدا بەرامبەر (تاغووت)ەکان ، کاتێ شەریعەتی خواو مەکانەتی پێغەمبەری خوا نکووڵیی و شکستی تیا ببینرێت ، بەڵکو کاتێک لەگەڵ بەرامبەرەکانیان رەزامەند دەبن و مودارا و مامەڵە دەکەن و سیاسەتی پێکەوە ژیان هەڵدەبژێرن کە شەرعی خوا لەکەدار نەکرێت و مەکانەتی بەرنامەی خوا هەردەم بڵند بێت ، بۆیە دەبێت هەردەم لەو بەرەیەدا بین و لەوبەرەیەشدا خۆمان ببینینەوە ، ئێمە لەوبەرەیەدا خۆمان دەبینینەوە کە زەوی ئاوەدان بکرێتەوە لەسەر بناغەیەکی راست و دروست و دوور لە فەساد و وێرانکاری ، وە خەبات و جیهاد دەکەین کەئاشتیی و ئاشتەوایی سەرانسەری جیهان بگرێتەوە ، بە پێچەوانەوە رەشەکوژیی و ستەمکاریی و رەگەزپەرستیی و بازرگانی کردن بەدین و نەتەوە و تایفەیی و سیاسەتی تەجویعکردن و پیادەکرنی سیاسەتی گەندەڵیی و ناعەدالەتی بۆ هەتاهەتایی وەلانرێ و بنەبڕی ریشەیی بکرێت ، هەرئەوەشە ستراتیجیەتی کار کاتێک سەرکەوتو دەبێت کە مرۆڤ لە نەزانیی و نەداریی و ترس و تۆقاندن رزگار بکرێت ، وە دەبێت هاوبەش بین بۆ خزمەتکردن بە مرۆڤەکان چونکە پێغەمبەرمان ئەمری پێکردوین و دەفەرموێ :((لیس منا من لم یهتم بأمر المسلمین)) بە پێچەوانەوە گەر وانەبین لەبەرەی ئەودا نامێنین ، هەروەها دەبێت مژدەدەر بین و کارئاسانیکەر بین کە گەورەمان پێغەمبەر σ دەفەرموێت: (( بشروا و لا تنفروا یسروا و لا تعسروا )) وەکو لەپێشدا ئاماژەمان پێکرد ، خوای گەورە بەرنامەی ناردووە کە پەیرەوی لێ بکرێت ، وە هەرکاتێک جیاوازیی و سەلیقەی جۆراوجۆر و بۆچوونی هەمە چەشنە لەنێوان مرۆڤەکاندا دروست بوو دەبێت بۆ چارەسەری کێشەکان بگەرێینەوە بۆلای کیتابی خوا ، چونکە ئەو کیتابەی کە ناردوویە بۆ چارەسەری کێشەو جیاوازی ڕاو بۆچوونەکان ناردوویەتی ، بەم جۆرە مرۆڤەکان ئاسوودە دەبن کە هەموو لایەکمان بگەرێینەوە بۆلای شەرعی خواو عەدالەت پیادە بکرێت بۆئەوەی بتوانین بە ئاسوودەیی بژین ، خوا بەپێغەمبەرمان محمد σ دەفەرموێت: (( وأمرت لأعدل بینکم)) وە گرنگیدانمان بەپیادە کردنی عەدالەت ئەوە نییە کە بۆچوونی مرۆڤەکان یەکسان کەین لەگەڵ فەرمانی خواو فەرموودەکانی پێغەمبەر σ ، وە شەرعی خوا وا لێنکەین بیگونجێنین لەگەڵ هزرو بیرو بۆچوونی مرۆڤەکان بەڵکو بە پێچەوانەوە دەبێت هزرو بیرو بۆچوونی مرۆڤەکان لەئاستی شەرعی خوادا زۆر لەخوارتر دابنرێت ، ئەمرۆ قورئانی پیرۆز کۆتا بەرنامەو شەرعی خوایە بۆ سەرزەوی کە بکرێت بەیاساو دەستووری هەمیشەیی ، هەر بەرنامەو دەستوور و یاسایەک پێچەوانەو نەیاری قورئان بێت کەسی ئیماندارو موسڵمان نابێ بێدەنگ بێت و پێی قبوڵ بێت چونکە لە هیچ سات و سەردەمێکدا سازشی لەوبارەوە نییە بەناوی خۆگونجاندن .

**دوا وتەمان** : ((حسبنا الله و نعم الوکیل))